

# مەعریفە لە گەشەو نوێبوونەوەی خێرادایە

## دیالۆگێك لەگەڵ بورهان غلیۆن دا

وەرگێڕانی: کارزان محەمەد

گۆڤارێکی فکرییە، دەزگای واڵا دوو مانگ جارێك دەریدەکات



(د. بورهان غلیۆن)ی مامۆستای سۆسیۆلۆجیای سیاسی، هەنوکە بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەی خۆرهەڵاتی هاوچەرخە لە زانکۆی سۆربۆن لە فەرەنسا، لە ساڵی (1970)ەوە بەردەوام سەرقاڵی ئەو چەمکانەیە کە ئەمڕۆ بایەخی تایبەتیان لە جیهاندا هەیە.

(غلیۆن) وێڕای ئەوەی بەزمانەکانی عەرەبی، فەرەنسی، ئیسپانی و ئیتاڵی دەنوسێ، خاوەنی چەندین کتێبی نایابە کە بەناوبانگترینیان بریتین لە (بیان من اجل الدیموقراطیة)، (اغتیال العقل)، (مجتمع النخبة)، (الدین فی المجتمع العربی)، (نقد السیاسه، الدوله و الدین)، (مثقف العربی)، (ثقافة العولمة و عولمة لثقافة).

ناوبراو لەم دیالۆگەدا بەوردی لەکۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگە عەرەبییەکانی ئەمڕۆدا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتان و رووناکبیراندا دواوە.

* ** *

* تۆ لە کتێبی (مجتمع النخبه)دا چەمکی (کۆمەڵگەی مەدەنیی)یت بەکارهێناوە، هەروەك دەبیینین لەم رۆژانەدا بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە یاخود ئەم دەستەواژەیە بەرفراوان، دەمانەوێ بزانین پێناسی تۆ بۆ (کۆمەڵگەی مەدەنی) چییە؟ و رۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی و رەگەزە پێکهێنەرەکانی لە قۆناغی ئێستای مێژووی ئێمەدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

سەبارەت بە (کۆمەڵگەی مەدەنیی) تێگەیشتنێکی نیگەتیڤانە هاتۆتەئارا کە هێشتا لەهزری عەرەبیدا هەر بەردەوامە، چونکە وای دەردەخەن گوایا کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەو شتەیە کە هەنوکە کۆمەڵگەی تیادایەو ئەوە خەسڵەتەکانییەتی، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە.

لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی مەدەنیی لە بەرامبەر دەوڵەتدا نەخراوەتەروو، واتا هەر ئەو مۆدیلەی نیشاندەری چوارچێوەو کۆمەڵێك توخمە کە ژیانی خەڵك لە دەرەوەی دەستێوەردانی دەوڵەتدا ئۆرگانیزە دەکات، واتا ئەو کاروبارەی کە دەوڵەت دەستی تێوەرنادات و مافی دەستێوەردانیشی نییە. ئەمە مەیدانێکە ئێمە دەتوانین بە مەیدانی ئازادییە گشتی



گۆڤارێکی فکرییە، دەزگای والا دوو مانگ جارێك دەریدەکات

و تایبەتییەکانی بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابوری و کلتوری؛ ناوزەدی بکەین.
لەسەرئەم بنەمایە، بوارەکانی چاپەمەنی ئازاد، خێزان، ئابوری و .... سەرجەمیان کاروبارێکن کە دەبنەمایەی ئۆرگانیزەبوونی کۆمەڵگە. کۆمەڵگەش بۆ بڕیاردان لەم بوارانەدا، خۆیان بە حکومەتەوە نابەستنەوەو گۆڕانی حکومەت و سیستمی سیاسیی دەسەلات، کاریگەری لەسەر نییە.

* تێڕوانینت دەربارەی نەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنیی لەکۆمەڵگەکانی عەرەبدا چییە؟

–لە دنیادا کۆمەڵگەیەك نییە کە بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی تیادانەبێت، ئەگەرنا دەبێتەمایەی ئەنارشیزمێکی رەها.
بەڵام سەبارەت بە بارودۆخی ئێستا لەوڵاتانی عەرەبیدا، کێشەکە تەنها نائامادەگی کۆمەڵگەی مەدەنیی سەربەخۆ لە دەوڵەتدا نییە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کە دەوڵەت لایەنگری پوچەڵکردنەوەی هەرجۆرە سەربەخۆییەکی ئەم کۆمەڵگەی مەدەنییە، لەهەر ئاستێکدا بێت. واتا کێشەکە ئەوەیە کە دەوڵەت دەخوازێت دەستوەربداتە هەموو کاروبارە بچوك و گەورەکانی کۆمەڵگەوە و دەسەڵاتی بڕیاردانی خۆیی کۆمەڵگە پوچەڵ بکاتەوە. دەرئەنجامەکەشی شێواندنی کۆمەڵگەیە، واتا بەستنی هەموو ڕێگاکانی هەناسەدانی خۆییە و گۆڕینی دەوڵەتە بە دیوارێکی سەهۆڵین کە هەموو ئیرادەی ناوخۆی کۆمەڵگە دەبەستێت.
پێویستە دەوڵەت دەستی خۆی لە هەندێ بواردا کورتبکاتەوە، یاخود کەمێك لە ئازادی کارکردن، بڕیاردان و بیرکردنەوەی خۆی کەم بکاتەوە، تا ئیرادەی ناوخۆی کۆمەڵگە (کە ئێمە بە کۆمەڵگەی مەدەنیی ناوی دەبەین)، سەرلەنوێ بەرجەستە ببێتەوە.
کێشمەکێشی ڕاستەقینە، کێشمەکێشی نێوان ئیرادەی حکومەتە بۆ زاڵبوونی تەواو بەسەر هەموو کارێکی بچوك و مەزن و ئینتمای کۆمەڵگەی مەدەنیشە لەلایەکیترەوە بۆ سەربەخۆیی و بنیادنانی پایەکانی سیستمەکەی خۆی. نمونەی ئەم دۆخە لە پەیوەندی نێوان باوك و منداڵدا دەبینین، پەروەردەی دایك وباوك ژینگەی ڕاهێنانی قۆناغەکانی کەسێتی و بینای سەربەخۆیی خودیی بۆ منداڵان فەراهەمدەکات، بەجۆرێك کە منداڵەکە لەهەر کارێکدا بۆ دایك و باوك نەگەڕێتەوە، دەبێتەمایەی گەشە و کامڵبوونی منداڵەکە تا ئەو ساتەی لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت. چ جای ئێمە، بەهۆی سۆزەوە حەز دەکەین منداڵەکانمان لەوشتانە بێبەش بکەین، کە دەبێتەمایەی سەربەخۆبوونیان و لەهەموو کاروبارێکدا وابەستەی خۆمانیان دەکەین، لەکاتێکدا ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەم جۆرە کارانە، مامەڵەیەکی زیانبەخشمان لەگەڵیدا کردووە. پەیوەندی دەوڵەت و خەڵکیش بەوشێوەیەیە. کۆمەڵگەی مەدەنیی شتێك نییە جگە لە بڕیاردانی خودی کۆمەڵگە، بنەماکانیشی هەر ئەو هەمەچەشنییەی ئازادییە فکریی و سیاسییەکانە.
پاشان دیموکراسی شتێك نییە بەدەرلە دامەزراندنی ئەم کۆمەڵگەی مەدەنییە، تایبەتمەندییەکانیشی بریتییە لە پراکتیزەکردنی ئازادییە خودییەکان و پشتیوانیکردنیانە لەبەرامبەر ئینتمای سروشتی



کێشەکە ئەوەیە کە دەوڵەت لایەنگری پوچەڵکردنەوەی هەرجۆرە سەربەخۆییەکی ئەم کۆمەڵگەی مەدەنییە، لەهەر ئاستێکدا بێت. واتا کێشەکە ئەوەیە کە دەوڵەت دەخوازێت دەستوەربداتە هەموو کاروبارە بچوك و گەورەکانی کۆمەڵگەوە

دەسەڵات و بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی ئەو کۆمەڵگە مەدەنییە بەسەر کۆمەڵگەدا، بەڵام لەڕاستیدا ئێمە گلەییمان لەم ئاراستەیەی دەوڵەتانی ئێستا هەیە.

*ئایا دەشێ چاوەڕوانی ئەوەبین کە دەستەبژێرەکانی عەرەب ڕووبکەنە گێڕانی ئەم ڕۆڵە (ڕۆڵی بوژاندنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنیی)، یاخود دەستەبژێرەکانی عەرەب دووچاری قەیران بوون؟

– کێشەی دەستەبژێرەکانی عەرەب ئەوەیە تاهەنوکە بوونیان نییە، واتا باوەڕێکی قوڵیان سەبارەت بە ناسنامەو کەسێتی خۆیان و ئەو ڕۆڵەی پێویستە لە کۆمەڵگەکەیاندا بیگێڕن، تیادا پەیدانەبووە. فاکتەرەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵگەکەی خۆی ناناسێت، یاخود نایەوێت بیناسێت. زۆرجار لەنێوان دوو جەمسەردا لەگوماندایە: یەکێکیان جەمسەری دەرەوە چونکە سەرچاوەی زانست و بایەخ و مۆدێلە، جەمسەرەکەیتر کە دەسەڵاتی ناوخۆییە. چاوەڕوان دەکرێ ڕێگەی بەدیهێنانی ئەو مۆدێلەو دەستەبەرکردنی، زاڵبوون بێ بەسەر ئەم دەسەڵاتەدا. بەمشێوەیە دەستەبژێرەکانی عەرەب لە ناواخنی کۆمەڵگە دابڕاون.

* فاکتەرە نهێنییەکانی پشت ئەم (گومان)ە چییە؟

–بەتێڕوانینی من، فاکتەری بنچینەیی هەمان سیستمی گشتی کۆمەڵایەتی، سیاسییە. واتا لە سیستمی حکومەتدا، ئیرادەی گشتی و ئامرازی گشتی تیادا بەرجەستە نەبووە.

پاشان بە ئەندازەی بەرزبوونەوەی ڕێژەی دەستەبژێرەکان بۆ هەرەمی دەسەڵات لە حکومەتی دیموکراسیدا، شانبەشانی جەختکردنەوە لەسەر ڕای گشتی، بایەخی ڕاکێشکردنی ڕەزامەندی میللەت لە تێڕوانینی دەستەبژێرەکاندا دروستدەکات، دەیانبزوێنێت بۆ تێگەیشتن لە کێشەکان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕێگەچارە کاریگەرەکان. بەپێچەوانەشەوە بەهەمان ئەو ئەندازەیەی کە دەستەبژێرەکان وێڵی دوای مۆدیلێکی نادیموکراسیانەی دەسەڵات بن وەك وەرگرتنی یارمەتی دەرەکی، یاخود بەکارهێنانی دەسەڵات، ئەوا هیچ گرنگییەکی بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان نابێت. لەم بارودۆخەشەوە دوو باس دێتەئارا:

1– سروشتی ناسەقامگیربووی دەوڵەتی نوێ کە لە (30–40)ساڵ لەمەوپێشەوە خۆی فۆرمەڵەکردووە. واتا دەوڵەتێك باوەڕی بەخۆی نییە، و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی ناناسێت، لەوباوەڕەدایە دەسەڵاتی بڕیاردان لەسەربنەمای هەندێ بەرژەوەندی بایەخیش بە بەرپرسیارێتیی نادات لەبەرامبەر هەر تاکێك لەتاکەکانی کۆمەڵگە.

2– سروشتی ناسەقامگیربووی کۆمەڵگە، کۆمەڵگەکانی ئێمە کۆمەڵگەیەکی ناجێگیرەو لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە جۆراوجۆرو فرەن. لەمڕووەوە کێشە و خواستی کۆمەڵایەتی فراوانیان هەیە، چونکە دەوڵەت توانای وەڵامدانەوەی ئەم خواستانەی نییە، بەناچاریی دەگۆڕێت بۆ حکومەتێکی توندوتیژ. کۆمەڵگەش بەشێوەی ئاشکرا و نهێنی، خۆی دەگۆڕێ بۆ کۆمەڵگەیەکی ناگوێڕایەڵ لە دەوڵەت، پاشان کێشەیەکی لەوجۆرە کێشەی تاکەکەس نییە، بەڵکو کێشە لە جۆری ڕێبەرایەتیکردنی کۆمەڵگەکەو پەیوەندی نێوان ڕێبەر و نەوەکانی کۆمەڵگەکەدایە.

کۆمەڵگە عەرەبییەکان تاهەنوکە نەیانتوانیوە جۆرە ڕێبەرییەکی دروست و پەیوەندیدار بەکۆمەڵگەکەوە دروست بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە وادەردەکەوێ کە دەستەبژێرەکان لە بنیادنانەوەی خۆیان و تێڕوانینەکانیاندا و لە تێپەڕاندنی ناکۆکییە ناوخۆییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەشتنی بەرپرسیارێتی گشتیدا، دەستەپاچە ماونەتەوە.

*ئایا ئەم دۆخە نیشاندەری ئەوە نییە کە ئێمە لە لێوارێکی تازەی کۆمەڵگەیەکی نوێدا، واتا کۆمەڵگەی بێدەوڵەتدا، قەرارمان گرتووە؟

–نەخێر... چونکە هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانێت بەبێ دەوڵەت بەمانا ڕاستەقینەکەی، واتا بڕیاردانی کۆمەڵگە سەبارەت بە چارەنووسی خۆی بەشێوەیەکی کامڵ بژی. بەهەمانشێوەش دەوڵەت بۆ دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵگەیەك بە کۆمەڵگەکانیتریشەوە، کارێکی پێویستە.

دەوڵەت ناوەندی ئەنباری زانیاریو ئەزموونە

کۆمەڵگە عەرەبییەکان تاهەنوکە نەیانتوانیوە جۆرە ڕێبەرییەکی دروست و پەیوەندیدار بەکۆمەڵگەکەوە دروست بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە وادەردەکەوێ کە دەستەبژێرەکان لە بنیادنانەوەی خۆیان و تێڕوانینەکانیاندا

پێویستەکانە بۆ بڕیاردانە گشتییەکانی کۆمەڵگە، ئەگەر دەوڵـەت لەم بـوارەدا لاواز بێت، کۆمەڵگە بەرەو ئانارشیزم دەڕوات. لێرەدا پێویستە سنوری بێتوانایی لە پانتاییەکی فراوانتر لە دەوڵەت (دەوڵەتی نیشتمانی) بکۆڵینەوە. کۆمەڵێک کێشەی وەک: ئاسایشی دەرەکی، گەشەپێدان، گەشەی کلتوری و پتەوکردنی دیموکراسی شیاوی چارەسەرنین، تەنها لە مەیدانێکی بەرفراوانتر لە دەوڵەتی نیشتمانیدا شیاوی چارەسەرن.

لەبەرئەوەی دەوڵەتی نیشتمانی لەمە تێگەیشتووە، ڕوویکردوەتە هاریکاریکردنی دەوڵەتانیتر. ئێمە دەڵێین ئەم ئینتمایە دروستە، بەڵام کامڵ نییە، پێشنیازی من ئەمەیە کە ئێمە لەنێوان کۆمەڵگەکان و وڵاتەکانی خۆماندا ئازادانە سنورەکانمان بەرووی سەرمایە و کەسایەتی و کلتورەکاندا بکەینەوە، واتە هەمان ئەو کارەی وڵاتە ئەوروپاییەکان ئەنجامیان داوە، لەکاتێکدا کلتورو زمانێکی یەککگرتووشیان نەبووە. بۆچی ئەوروپا بەرەو یەکێتی بەرەوپێش دەڕوات؟ چونکە ئـەم یەکێتییە پانتاییەکی بەرفراوانتر بۆ کامڵبوون و گۆڕانێکی سەرتاپاگیر فەراهەم دەکات.

ئێمە ئەمە بە تێڕوانینێکی لێبڕاوانەوە دەبیەستینەوە بە چەمکی نەتەوە یاخود نەتەوەکانەوە... بەڵام لە لۆژیکی عەقڵی سیاسی نوێش دەدوێین.

*واتا ئایا جەختکردنەوە لەسەر نیشتمانیبوونی دەوڵـەتـەکـانـمان، نیشاندەری قەیرانی مەعریفە لەبواری ئامرازەکانی مەعریفە بۆ تێگەیشتن لە فاکتە کۆمەڵایەتی، مێژووییەکان.... ؟

– هەموو کۆمەڵگەکان لە قەیرانی مەعریفەدان، چونکە مەعریفە لە گەشەو نوێبوونەوەی خێرادایە. هەرکاتێك ئەم خێراییە ڕاوەستا، کاراییەکەی خۆی لەدەست دەدات و کۆمەڵگەکان هێزی تێگەیشتن لەفاکتەکان لەدەست دەدەن، لەم دۆخەشدا دەچنە قەیرانێکی ڕاستەقینەوە.

*ئـایـا ئـەم قـەیـرانـەی مەعریفەیە قەیرانێکی ئایدۆلۆژییە؟

– ئێمە لـەو جـۆرە قـەیـرانـەدا واتـا لە قەیرانی ئایدۆلۆژیداین، چونکە مەعریفەی ڕابردوومان هیچیتر کاریگەری ڕاستەقینەی لەسەر بارودۆخی بابەتییانەی ئێمە نییەو تـوانـای ئامادەباشکردنی ئـامـرازە کاریگەرییەکانی بۆ دەرەوە لەدەستداوە. لەمرووەوە شایەتحاڵی گەشەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەین لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا، کە وێڵی دوای نوێکردنەوەی تێڕوانینەکانە لە هزرەکانی پـێـشـوودا، هەوڵی بەرجەستەکردنەوەی سەرلەنوێ بنەما تیۆرییەکان دەدات بە مەعریفەیەکی نوێ.

*ئایا ئەمە گوزارشتە لەوەی کە ئێمە پێویستمان بە بڕینی پەیوەندی مەعریفییە لەگەڵ ڕابردوودا؟

– بەکارهێنانی ئـەو چەمکانەی پەیوەندی بەبوارەکانیتری مێژووەوە هەیە، بەلامەوە خۆش نییە. ئێمە لاسایی ناکەینەوەو نابێ مەفتونی وشە ببین، ئەمە خراپترین شتە کە هـزری مـرۆڤ پێی نەخۆش دەبێت. لاسایی واتـا ڕیشەی بەدبەختی و دواکەوتوویی. مەبەست لە پارچەپارچەکردنی مەعریفە نییە، ئەم گوزارشتە زۆر سنوردارکەرەو بەکارهێنانێکی ئایدۆلۆژییانەی هەیە و بۆ مانای جێمەبەستی ئێمە سودمەند نییە. زاراوەی (ڕەخنە) باشترە لەوە، چونکە ڕەخنە لە (فکر) دەکۆڵێتەوەو ڕەخنەی لێدەگرێت بە مەبەستی ڕیفۆرم، بەڵام مەبەست لە پارچەپارچەکردنی مەعریفە نییە بەوشێوەیەی کە ئەم گوزارشتە ئاماژەی بۆدەکات.

**سەرچاوە:**

– ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی (واشنتۆن پریزم).